Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10315

# لایەنە ڕێکاریەکانی تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاری ڕەخنەگرانەیە)

**پشتیوان حمید فرج**

بەشی یاسا،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر لایەنە ڕێکاریەکانی تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا کە لە ڕێگەی وەزیفەی گشتیەوە ئەنجام دەدرێت، بە جۆرێک تیشکمان خستۆتەسەر هەڵوێستی یاسادانەری هەرێمی کوردستان لە ڕێکخستنی ئەم لایەنەو کەم وکورتی و نارێکیەکانمان دەست نیشان کردووە بە بەراورد بە یاسای وڵاتانی تر کە هەمان بابەتیان ڕێکخستووە، وە چارەسەری گونجاومان خستۆتە بەردەست, پاشان دوای ئەوەی ئەو لایەن و دەزگا و بەرێوەبەرایەتیانەمان دیاری کردووە کە بەم کارە هەڵدەستن ئینجا شێوازی کارکردن و لێکۆڵینەوە و پشکنینمان لەم تاوانە خستۆتە ڕوو و دەسەڵاتەکانیانمان دیاری کردووە ، هەرچی سەبارەت بە بابەتی ماوە بەسەرچوونیشە ئەوا دەڵێین لەبەر ئەوەی یاسادانەر بە شێوازێکی جیاواز حوکمەکانی ئەم تاوانەی ڕێکخستووە ، بۆیە پێویست بوو هەرخودی خۆی ئەم جیاوازیەی لە بەرچاو بگرتایە و دەق بدایە لەسەر ئەوەی حوکمەکانی ماوەبەسەرچوون تاوانی بەدەست هێنانی نارەواش دەگرێتەوە. لەکۆتا داخوازیشدا بەوردی تیشکمان خستۆتەسەر شێوازو چۆنیەتی سەلماندن لەم تاوانە، وە باسمان لەو گرینەیە (قرینە) یاساییە سادە کردووە کە یاسادانەر دەق لەسەر داوە و پشتی پێبەستووە بۆ سەلماندن لەم تاوانە ، وە ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە کە ئەم گرینەیە پێچەوانەی بنەما یاسایەکان نیە کە جەخت لەسەر بنەمای گریمانەی پاکێتی مرۆڤ دەکەنەوە و لەناو دەستور و یاسا ئاسایەکان و بەڵگەنامە نێو دەوڵەتیەکاندا بوونیان هەیە.

***Article Info***

Received: April, 2023

Revised: April, 2023

Accepted: May, 2023

***Keywords***

یاسادانەر، گرینە، ماوە بەسەرچوون، گریمانەی پاکێتی.

***Corresponding Author***

**pshtiwan.hameed@garmian.edu.krd**

## پێشەکی

بەشێوەیەکی گشتی ئەو وڵاتانەی کە بە یاسا چارەسەری تاوانی بەدەست هێنانی نارەوایان کردووە دەقیان کردووە لەسەر هەبوونی دەستە یان دەزگا یاخود بەرێوەبەرایەتیەکی تایبەت بە تاوانەکانی گەندەڵی و لە ناویشیاندا تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا یاخود بە تەنها تایبەتە بەم تاوانە کە هەڵدەسێت بە وەرگرتنی دانپێدانانی ئەستۆی دارایی و پشکنین و لێکۆڵینەوە تیایداو پشکنینی ئەستۆی دارایی لە کاتی پێشکەش نەکردنی دانپێدانانەکاندا یاخود دواکەوتن لێی هەروەها وەرگرتنی سکاڵاو زانیاری و هەواڵدان لەسەر بەدەست هێنانی نارەوا و لێکۆڵینەوە تیایدا، هەموو ئەمانەش بەپێی ئەو ڕێکارانە دەبێت کە یاسای پەیوەندیدار بەم تاوانە پێویستی کردووە بگیرێتەبەر.

**گرنگی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی گشتی گرنگی ئەم توێژینەوە خۆی لەوە دەبینێتەوە کە باس لەلایەنە ڕێکاریەکانی تاوانێک دەکات کەبەیەکێک لەبەر بڵاوترین ئەو تاوانانە دادەنرێت کە لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا ڕوودەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی موڵک وماڵی گشتی بەفیرۆ بدرێت و شوێنەواری خراپی لێدەکەوێتەوە، بۆیە لەڕێی ئەم توێژینەوەوە هەڵویستی یاسادانەرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە هەرێمی کوردستان بەوەی بە چی شێوازێک لایەنە کارڕایەکانی ئەم تاوانەی ڕێک خستوە ، بەشێوەیەک کەم وکورتی ونارێکیەکان دەست نیشان دەکەین و چارەسەری گونجاویان بۆ دەدۆزینەوە کە لە ڕێسا ڕێکاریەکانی تایبەت بە ڕێکخستنی ئەم تاوانەدا بونیان هەیە.

**کێشەی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی گشتی کێشەی توێژینەوەکەمان خۆی لەوەڵامی ئەم چەند پرسیارە دەبینێتەوە:
پرسیاری یەکەم : بە چ شێوەیەك بەدواداچوون لەم تاوانە دەکرێت و ئەو لایەنە کێیە کە بەم کارە هەڵدەستێت؟
پرسیاری دووەم : ئایا ڕێکارە یاسایەکانی تایبەت بەم تاوانەو لێکۆڵینەوە تیایدا بە دەرچوون لە ڕێسا گشتیەکان دادەندرێت ؟ ئەگەر دەرچوونە لێیان ئایا یاسادانەر کارێکی باشی کردووە یاخود کارێکی خراپی کردووە و پێویست بەم شێوە ڕێکارانە ناکات؟
پرسیاری سێیەم: ئایا لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئەو کەسانەی کە پێی هەڵدەسن کام دەسەڵاتەیان هەیە؟

**ئامانجی توێژینەوە:** لێرەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەینەوە بەپێی دەقەکانی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەمانەش بە بەراوردکاری لەگەڵ یاسایەکانی بەراروردکار بە گوێرەی هەبوونی دەرفەت و پێویستی بوون لەم بەراوردکاریە.

**چوارچێوەی توێژینەوەکە:** سنور وبواری توێژینەوەکەمان لە ژێر ڕۆشنایی هەر یەک لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان-عێراق) و یاسای ژمارە ٧ ی سالی ٢٠١٤ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان – عێراق دەبێت.

**ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە تویژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاری ڕەخنەگرانەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕێسا ڕێکاریەکانی تایبەت بەم تاوانە دەخەینە ڕوو لە ژێر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان-عێراق) و یاسای ژمارە ٧ ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان – عێراق بەبەراورد بە یاسای هەر یەک لە وڵاتانی میسرو ئوردن و عێراق دەبێت.

**پلانی تویژینەوە :** لە ژێر ڕۆشنایی وئامانج و بەرنامەی تویژینەوەکەمان کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەم تویژینەوە دابەشی چوار داخوازی دەکەین، لە داخوازی یەکەمدا باس لە دام و دەزگای تایبەتمەند بە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا دەکەین و لە داخوازی دووەمدا تیشک دەخەینە سەر ڕێکارەکانی پشکنین و لێکۆڵینەوە لەم تاوانە، هەرچی داخوازی سێیەمیشە تایبەتی دەکەین بە بەسەرچوونی داوای سزایی لەم تاوانە وە لە داخوازی چوارەم کۆتایشدا قسە لەسەر شێوازی سەلماندن لەم تاوانە دەکەین.
لە کۆتایدا گرنگترین ئەو دەرئەنجام و پێشنیارانە دەخەینەڕوو کەلە توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین

## داخوازی یەکەم

## دام و دەزگای تایبەتمەند بە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا

بەپێی یاسای ژمارە (3) ی ساڵی 2011ی هەموارکراو، یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان - عێراق دەستەیەك بە ناوی (دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان – عێراق) دادەمەزرێ کە خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕیە، بودجەیەکی سەربەخۆی هەیەو لەژێر چاودێری پەرلەمان دایە(ماددەی ٢ لە یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان - عێراق )، پاشان دەقی کردووە لەسەر ئەوەی کە ئەم دەستەیە پێك دێت لە کۆمەڵێك فەرمانگە( ماددەی ١٢ لە یاسای ناوبراو)، بەهەمان شێوەش وڵاتانی دیکە کە چارەسەری هەمان تاوانیان کردووە دەقیان داوە لەسەر هەبوونی دەستە یاخود بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بەم تاوانە(١).
لە هەرێمی کوردستانیش فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان، کە یەکێکە لە فەرمانگەکانی دەستەی دەسپاکیی، ئەرکی ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و کۆکردنەوەی زانیاریە دەربارەیان بە پشت بەستن بە دەزگا هونەریەکان، هەروەها وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکاڵایەکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی دەگرێتە ئەستۆ(خاڵەکانی ١و ٢ لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی ١٢ لە یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو)
پاشان یاسایەکە دەقی کردووە لەسەر ئەرکەکانی فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت لە وەرگرتنی دەرخستەکانی بەرژەوەندیە داراییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی تیایاندا هاتوون و،گەڕان بە دوای ڕاستیەکانی و، بەدواداچوونی ئەوانەی دواکەوتوون لە پێشکەشکردنی، چاودێری کردنی زێدەبوونی مایەی ئەوانەی داواکراون دەرخستەی بەرژەوەندیە داراییەکان پێشکەش بکەن و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی دەرهەق بەوەی دەسەلمێنرێت کەوا زیادەبوونێکی گەورە لە سامانی یان سامانی هاوسەری یان یەکێك لە منداڵەکانی بوونی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە(خاڵی ١ لە بڕگەی سێیەم لە ماددەی ١٢ لە یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو ).
لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئایا کاتێك یاسادانەر دەقی کردووە لەسەر ئەوەی کە ئەم فەرمانگانە دەکرێت سکاڵایەکانی گەندەڵی وەربگرن و لێکۆڵینەوەی تیادا بکەن، ئەم کارە بە دەرچوون دادەندرێت لەوەی کە یاسای ڕێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی عێراقی دەقی لەسەر داوە سەبارەت بەو لایەنانەی کە داوای سزاییان پێشکەش دەکرێت؟

لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کاتێك ماددەی (1) لــە یاســای ڕێوشــوێنی دادگــاییکردنی سزایی عــێراق ئــەو لایەنانەی دیاری کردووە کە داوای سزایان پێشکەش دەکرێت بـەپێ ئـەوەی بـاس لـە دەسـتەی دەسـپاکیی بکـات. بـەڵام بـە گــوێرەی یاســای دەســتەی دەســپاکیی هــەرێمی کوردســتان فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان ئەرکی وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سـکاڵاکانی گەنـدەڵی و لێکۆڵینـەوە لـە تاوانـەکانی گەنـدەڵی دەگرێتە ئەستۆ.

لێرەدا ئایا یاسادانەر کارێکی باشی کردووە کاتێك دەقی کردووە لەسەر ئەوەی کە ئەم فەرمانگەیە ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ؟ لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی گەورە لە بە تـاوان دانـانی بەدەسـت هێنـانی نـاڕەوا پشـت دەبەسـتێت بـە پشکنینی دانپێدانانی ئەستۆی دارایی، لێرەدا کارڕاییەکان بەپەلە دەکرێت و کاتی زۆری ناوێت هـەروەها لـە هـەمان کاتـدا هـەر فەرمانگــەکانی ســەر بــە دەســتە تایبەتمەنــدن بــە وەرگــرتنی دانپێــدانانی ئەســتۆی دارایی و مامەڵــەکردن لەگــەڵ ئــەو زانیاریانەی تیایدا هاتوون و گەڕان بەدوای ڕاستیەکانی.

بەپێی ئەو دەقانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا تێڕوانین و هەڵوێستی یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئەو فەرمانگانـەی کـە پێشـتر باسـمان کـرد تایبـەتن بـە وەرگـرتنی دەرخســتەکانی بەرژەوەندیــە داراییــەکان و چــاودێری کــردنی زێــدەبوونی مایــەی ئەوانــەی کــە داواکــراون دەرخســتەی بەرژەوەندیـە داراییـەکان پێشـکەش بکـەن لەگـەڵ وەرگـرتنی هەواڵـدان و سـکاڵا لەسـەر تاوانـەکانی گەنـدەڵی و لێکۆڵینـەوە تیایـدا بەهــەمان ئــەو ڕێچکەیــەی کــە یاســای وڵاتــانی تــر گرتوویانەتەبـەر کاتێـك دەقیـان کـردووە لەسـەر ئـەوەی کـە پشکنینی دانپێدانانی ئەستۆی دارایی و لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی پەیوەســت بــە بەدەســت هێنــانی نــاڕەوا چەنــد دەســتەیەکی پشـکنین و لێکۆڵینـەوە پـێی هەڵدەسـتن(ماددەی ٥ لە یاسـای ژمارە ٦٢ ی ساڵی ١٩٧٥ ی میسری دەربارەی بەدەست هێنانی نـاڕەوا )، و هەنـدێکی تریـان دەقیـان داوە لەسـەر پێکهێنـانی دەستەیەکی دادوەری کە ئەرکی پشکنینی دانپێدانانی پێشکەش کـراو بـۆ فەرمانگەی بڵاوکردنـەوەی ئەسـتۆی دارایی و وردبینـی کـردنی و دیراسـەت کـردنی لـە کـاتی پێشـکەش کـردنی هـەر سکاڵایەك یان هەواڵدانێك کە لە لایەنی تایبەتمەندەوە بۆی ڕەوانــە کــراوە بەرامبــەر هــەر کەســێك کــە حوکمــەکانی ئــەم یاسـایەی بـە سـەردا پیادە دەبێـت و پەیوەسـتە بـە بەدەسـت هێنانی ناڕەواو لێکۆڵینەوەی تیادا دەکات( برگەی أ لە ماددەی ١٠ لە یاسـای بەدەسـت هێنـانی نـاڕەوای ئـوردنی ژمـارە ٢١ی ساڵی ٢٠١٤).

لێرەدا خاڵێك ڕامان دەگرێت: ئایا بەگوێرەی ئەم یاسایە بەم شێوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە فەرمانگەکانی سـەر بـەم دەسـتەیە دەتـوانن هەڵسـن بـە وەرگـرتنی دەرخسـتەکانی بەرژەوەندیـە داراییـەکان و چـاودێری کـردنی زێـدەبوونی مایـەی ئـەو کەسـانەی کـە پابەنـدن بـە پێشـکەش کـردنی دەرخسـتەی بەرژوەندیە داراییەکان و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی دەربارەیان و وەرگـرتنی زانیـاری و هەواڵـدان و سـکاڵا لەسـەر بەدەسـت هێنانی ناڕەوا و لێکۆڵینەوە تیایدا؟ یاخود بەشێوەیەکی سادەتر: ئایـا فەرمانگـەکانی سـەر بـە دەسـتەی دەسـپاکیی لـە هـەرێمی کوردسـتان هـەمان ئـەو دەسـەڵاتانەیان هەیـەو هـەمان ئـەو ئەرکانە دەگرنە ئەستۆ کە لە یاسای وڵاتانی تر تایبەت بە تاوانی بەدەست هێنانی ناڕەوا دەقیان لەسەر دراوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە دواترو لەو شوێنەی کە تایبەتە بە چۆنیەتی ڕێکارەکـانی پشـکنینی دانپێـدانانی ئەسـتۆی دارایی و پشـکنینی ئەستۆی دارایی و لێکۆڵینەوە لەم تاوانە دەدەینەوە، کە بریتیە لە داخوازی دووەمی ئەم باسە.

## داخوازی دووەم

## ڕێکارەکانی پشـکنین و لێکۆڵینـەوە لـە تـاوانی بەدەسـت هێنانی ناڕەوا

یاسـای ئـوردنی دەقی داوە لەسـەر ئـەوەی کـە فەرمانگەیـەك دروست دەکرێت بە ناوی فەرمانگەی بڵاوکردنەوەی ئەستۆی دارایی کـە تایبەتمەنـدە بـە وەرگـرتنی دانپێـدانانی تایبـەت بـەو کەسانەی حوکمەکانی یاسای بەدەست هێنانی ناڕەوای ئوردنی دەیگرێتــەوە هــەروەها هــەر داتــاو ڕوونکردنەوەیــەك کــە پەیوەسـتە پێوەی و ڕەوانە کردنی بۆ دەستە( برگەی أ و ب لە مـادەی ٥ لە یاسـای بەدەسـت هێنـانی نـاڕەوای ئـوردنی ژمـارە ٢١ی ساڵی ٢٠١٤).

هـەروەها دەقی داوە لەسـەر ئـەوەی کـە دەسـتەیەکی دادوەری پێـك دەهێنرێـت کـە هەڵدەسـێت بـە پشـکنینی دانپێـدانانی پێشکەش کراو بۆ فەرمانگەی بڵاوکردنـەوەی ئەسـتۆی دارایی هـەروەها وردبینی کردنی و دیراسـەت کردنی لـە کاتی پێشکەش کردنی هەر سکاڵایەك یان هەواڵدانێك کە ڕەوانە کراوە بۆی لە لایـەنی تایبەتمەنـدەوە بەرامبـەر هـەر کەسـێك کـە حوکمـەکانی یاسای ناوبراو بە سەریدا پیادە دەبێت و پەیوەستە بە بەدەست هێنـانی نـاڕەواو لـێی دەکۆڵێتـەوە( بـڕگەی أ لە مـادەی ١٠ لە یاسـای بەدەسـت هێنـانی نـاڕەوای ئـوردنی ژمـارە ٢١ی سـاڵی ٢٠١٤).

بەهەمان شێوەش یاسای ژمارە (62)ی ساڵی 1975ی میسری دەربارەی بەدەست هێنانی ناڕەوا دەقی داوە لەسەر ئەوەی کە چەنـد دەسـتەیەك پشـکنین و دانپێـدانانی ئەسـتۆی دارایی هـەروەها لێکۆڵینـەوە لە سکاڵایەکانی پەیوەست بە بەدەست هێنانی ناڕەوا دەگرنـە ئەسـتۆ(مادەی ٥ لە یاسای ژمارە ٦٢ ی سالی ١٩٧٥ ی میسری دەربـارەی بەدەسـت هێنـانی نـاڕەوا )،

یاسادانەر ئەم لێژنانەی تایبەت کردووە بە پشکنینی دانپێدانانی ئەستۆی دارایی و هەموو سکاڵایەکان کە لەسەر بەدەست هێنانی نارەوا پێشکەش دەکرێن و هەروەها پشکنینی ئەستۆی دارایی ئەوانەی ملکەچی ئەم یاسایەن لە حاڵەتی پێشکەش نەکردنی دانپێداناندا(قطب، ٢٠٠٦، ٣٠٣ ). کاری ئەو دەستانەش بە تەنها ناوەستێت لەسەر پشکنینی دانپێدانان و سکاڵاکان، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە تیایدا هەروەها کارەکە لەم سنورەش ناوەستێت بەڵکو لە دەسەڵاتی ئەم دەستانەیە پابەندی هەر لایەنێکی تایبەتمەند بکەن بە پێشکەش کردنی هەر داتایەك کە دەستە پێشکەش کردنی بە پێویست بزانێت بۆ بەجێهێنانی کارەکەی بە گوێرەی ئەوەی کە بە گونجاو دەزاندرێت بۆ پرۆسەی پشکنینەکە هەرچەندە ئەم داتایانە نهێنی بن لە دەسەڵاتێتی دەستی بکەوێت و هەروەها دەست کەوتنی هەر نوسراوێك کە سودی هەبێت لەم بارەیەوە( العجمي وعبدالرازق، ٢٠١١، ٨٦) پشکنینی دانپێدانانیش بە تەنیا کورت دەبێتەوە لە خوێندنەوەیەکی رووکاریانە لەسەر دانپێدانانی پێشکەش کراو بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی بەدەست هێنانی نارەوا لەخۆ دەگرێت یاخود لەخۆ ناگرێت، ئەمەش دەکرێت ئاشکرا بکرێت بە بەراوردکردنی دانپێدانانی پێشکەش کراو بە دانپێدانانی پێشووی ئەمەش لەو حاڵەتەدا کە لە دانپێدانانە تازەکەدا رەگەزی تازە لەخۆ بگرێت کە پێشووتر بوونی نەبێت، یاخود لە حاڵەتی هاتنی سکاڵا یان داتا لە لایەنی فەرمیەوە ئەوە دەربخات کە کەسی ملکەچ مایەی هەیەو لە ناو دانپێدانانی ئەستۆی دارایدا داینەناوە کە پێشکەشی کردووە. گومانی تیادا نیە هەموو ئەم رێکارانەش دادەندرێت بە رێکاری پشکنین و بە رێکاری لێکۆڵینەوە داناندرێت(الخلفي ، بەبێ ساڵی چاپ ، ١٣٩-١٤٠)

هەڵس وکەوت کردنیش لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا جیاوازی نیە لەگەڵ تاوانەکانی تر، رێسا گشتیەکان کە لە رێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی هاتوون، هەر ئەوان پیادە دەکرێن لە لێکۆڵینەوە لە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا(السید، ٢٠٠٨ ،١٠٣ )، ئەگەر دەستە دوای لێکۆڵینەوە بینی کە بەڵگە لەسەر تۆمەتبار بەس نەبوو ئەوا فەرمان دەردەکات بەوەی کە داوا بەرزناکرێتەوە، پێویستە ئەم فەرمانە ئەو هۆکارانە لەخۆ بگرێت کە لە سەری بونیادنراوەو ئەگەر بینی کە بەڵگەی پێویست هەیە ئەوا فەرمان دەردەکات بە رەوانە کردنی بۆ دادگای تاوانەکانی تایبەتمەندو ئەگەر دەستەکە بینی حاڵەتەکە سەرپێچیەکی کارگێری یان دارایی لەخۆ دەگرێت ئەوا سەرپێچیکار رەوانە دەکات بۆلایەنی تایبەتمەند (الشواربي ، ٢٠٠٣ ، ٤٤٥)

لە هەرێمی کوردستانیش وەك لە پێشتر باسمان کرد یاسادانەر لە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی2011ی هەموارکراو یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان - عێراق دەق کردووە لەسەر ئەوەی کە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان ئەرکی ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و کۆکردنەوەی زانیاریە دەربارەیان بە پشت بەستن بە دەزگا هونەریەکان لەگەڵ وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکاڵاکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی، هەروەها دەق داوە لەسەر ئەوەی فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت ئەرکی بریتیە لە وەرگرتنی دەرخستەکانی بەرژەوەندیە داراییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی تیایاندا هاتوون و، گەڕان بە دوای ڕاستیەکانی و، بەدواداچوونی ئەوانەی دواکەوتوون لە پێشکەش کردنی، چاودێری کردنی زێدەبوونی مایەی ئەوانەی داواکراون دەرخستەی بەرژەوەندیە داراییەکان پێشکەش بکەن و گرتنەبەری رێکاری یاسایی دەرهەق بەوەی دەسەلمێنرێت کەوا زیادەبوونێکی گەورە لە سامانی یان سامانی هاوسەری یان یەکێك لە منالە دواکەوتووەکانی بوونی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

لێرەدا دەپرسین ئایا یاسادانەر کارێکی باشی کردووە کاتێك لە بە تاوان دانانی بەدەست هێنانی نارەوادا پشتی بەستووە بە دانپێدانانی ئەستۆی دارایی؟

لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ بەهۆی ئەوەی کە ئەم تاوانە زۆرجار بەرهەمی تاوانەکانی ترە لە نموونەی بەرتیل و گزی کردن بەڵام ئاشکرا نابێت یاخود ئاشکرا دەبێت بەڵام ناتواندرێت بسەلمێندرێت و بە تاوان دانانی بەدەست هێنانی نارەواش دادەندرێت بە تەواوکردنی ئەو بازنەیەی کە یاسادانەر دەیەوێت لە رێگەیەوە پارێزگاری لە وەزیفەی گشتی و کاری گشتی بکات و نەهێڵێت بازرگانی پێوە بکرێت، لە ڕاستیشدا تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا بە بیروبۆچوونمان دادەندرێت بە پاڵاوگەی کۆتایی ئەوەی کە نەهێڵێت ئەو کەسانەی وەزیفەی گشتی و سیفەتەکەیان دەقۆزنەوە لە سزا رزگاریان بێت بۆیە هیچ ئامرازێك لە بەردەم یاسادانەر نامێنێتەوە بۆ بەدیهێنانی پاراستنی وەزیفەی گشتی و سامانی گشتی تەنها لەم رێگەیەوە نەبێت کە دەق بدات لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە حوکمەکانی یاسایەکە دەیان گرێتەوە ملکەچ دەبن بۆ ئەوەی کە ئەستۆی داراییان ئاشکرا بکەن بۆ لایەنی تایبەتمەندو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت لەسەر هەر زیادبوونێك کە رووەدات بەسەر سامانیاندا ئەگەر هاتوو لەگەڵ داهاتیان گونجاو نەبوو و نەیانتوانی سەرچاوەی رەوا یاخود هۆکاری شیاوی بۆ بدۆزنەوە.

سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی کە لێکۆڵەرەوانی دەستە هەیانە ئەوا بە هەمان شێوە دەق داوە لەسەر ئەوەی لێکۆڵەرەوانی دەستە دەسەڵاتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە رێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی بەرکار لە هەرێمدا دەقیان لەسەر کراوەو

دەسەڵاتیان هەیە بڕوانە نووسراو و بەڵگەنامە فەرمییەکان بەوانەی نهێنیشن و پلەی پەنهانیان هەر چییەك بێت و پێویستە کاری چوونە ژوورەوەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو ئامێرانەی سروشتی کارەکەیان پێویستی دەکات ئاسان بکرێت و پاراستنیان دابین بکات و نابێت ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە کارەکانیانەوە لێیان بسەندرێت(بڕگەی یەکەم لە مادەی ١٣ لە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١١ی هەمواركراو یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان - عێراق). لێرەدا پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە لە داخوازی پێشوودا خستمانەڕوو. لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر بەهۆی ئەوەی کاتێك بڕگەی (7) لە ماددەی یەکەمی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەموارکراو تاوانەکانی گەندەڵی دیاری کردووە باسی لە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا نەکردووە و کاتێك دەڵێت "هەر تاوانێك یەکێك بێت لە باروودۆخە توندکراوەکانی دەقکراو لە بڕگەی 5 و 6 و 7 ی ماددەی 135 لە یاسای سزادانی عێراقی هەموارکراو" ئەوا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەقەکان کە لە یاسای سزادانا هاتوون دەبینین بە تەنیا تایبەتن بە سەرپێچی کردنی ئەو لائیحانەی کە لە کۆمسیۆنی تایبەت بە دەسپاکی دەردەچن و تایبەتن بە ئاشکرابوونی بەرژەوەندیە داراییەکان و ئاشکراشە کە یاسادانەری عێراقی هەموو شێوەکانی بەدەست هێنانی نارەوای چارەسەر نەکردووە بەڵکو ئەو شێوەی چارەسەر کردووە کە تایبەتە بە زیادبوون لە دانپێدانانی ئەستۆی دارایی بەپێی ئەوەی کەسی ملکەچ بۆ حوکمەکانی یاسایەکە پێشکەشی کردووە، بۆیە بەپێی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەموارکراو فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان ناتوانێت هەواڵ و زانیاری و سکاڵای تایبەت بە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا وەربگرێت و لێکۆڵینەوەی تیادا بکات تەنیا لە حاڵەتی دانپێدانانی ئەستۆیی دارایی و سەرپێچی کردنی ئەو لائیحە تەنزیمیانە نەبێت کە تایبەتن بە ئاشکرا کردنی بەرژەوەندیە داراییەکان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش دوو پێشنیار دەخەینەڕوو:

هەمواری بڕگەی (7) لە ماددەی یەکەمی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەموارکراو بکرێت کاتێك تاوانی گەندەڵی دیاری کردووە بەشێوەیەك دەق بدات لەسەر ئەوەی تاوانی بەدەست هێنانی نارەواش دەگرێتەوە کە دەقەکانی ئەم یاسایە حوکمەکانی ڕێکخستووە.

هەمواری بڕگەی یەکەم لە ماددەی دوانزە لە یاسای دەستەی دەسپاکیی هەموارکراو بکات کاتێك ئەرکەکانی فەرمانگەکەی دیاری کردووە بەشێوەیەك خاڵێکی تر بۆ بڕگەکە زیاد بکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە "ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی بەدەست هێنانی نارەوا و کۆکردنەوەی زانیاری و وەرگرتنی هەواڵدان و سکاڵا لە سەری و لێکۆڵینەوە تیایدا."

## داخوازی سێیەم: بەسەرچوونی داوای سزایی

ڕێسا ئەوەیە کە داوای سزایی ئەگەر هاتوو جوڵێندرا ئەوا پێویستە ڕێڕەوی سروشتی خۆی وەربگرێت بەبێ وەستان و لە قۆناغێکەوە بچێتە قۆناغێکی تر تا دەگاتە قۆناغی کۆتایی(ڕزگار ، ٢٠٠٣، ٨٧ )، بەسەرچوونی داوای سزاییش بە مانای ڕێگەنەدان دێت بۆ ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە و دادگای کردن لە دژی تۆمەتبار مادام یاسا دەقی لەسەر پێچەوانەی ئەمە نەدابێت(العکیلي و الحربة،بەبێ ساڵی چاپ، ٥٥) ، هۆکارەکانیش کە داوای سزای تیایدا بەسەر دەچێت یان هۆکارێکی گشتی دەبن بەشێوەیەك هەموو تاوانەکان دەگرێتەوە یاخود تایبەت دەبن و جێبەجێ نابێت تەنها لەسەر چەند تاوانێکی دیاری کراو نەبێت ( سعید ، ٢٠٠٥ ، ٧١).

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان تا چەند سەرکەوتوو بووە لەوەی کە دەق نەکردووە لەسەر ئەوەی کە بەدەست هێنانی نارەوا حوکمەکانی ماوە بەسەرچوون (تقادم) دەیگرێتەوە. ماوە بەسەرچوون لە چوارچێوەی یاسای تاوانکاریدا دوو مانا و مەبەست لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان لە چوارچێوەی یاسای سزادانـدا بە مانای جێبەجێ نەکردنی سزاکان و هەڵوێستە خۆپارێزیەکان (التدابیر الاحترازیە) دێت کە بڕیاری پێدراوە بەسەر تاوانکاردا بەهۆی تێپەڕبوونی کاتێکی دیاری کراو، دووەمیشیان لە چوارچێوەی یاسای ڕێوشوێنی دادگاییکردن بە مانای بەسەرچوونی داوای سزای دێت بەهۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاری کراو بەبێ ئەوەی داوا بزوێندرێت لەو ماوەیەدا(ڕزگار ، ٢٠٠٣ ، ٩٨)

هەندێك لەو وڵاتانەی کە بە یاسا چارەی تاوانی بەدەست هێنانی نارەوایان کردووە دەقیان داوە لەسەر ماوەبەسەرچوون (تقادم) لە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا(مادەی ١٦ لە یاسای ژمارە ٦٢ ی ساڵی ١٩٧٥ی میسری دەربارەی بەدەست هێنانی نارەوا ) (٢)، بە پێچەوانەی هەندێکی دیکەیان کە بە ئاشکرا دەقیان داوە لەسەر ئەوەی کە حوکمەکانی ماوە بەسەرچوون داوای بەدەست هێنانی نارەوا ناگرێتەوە (بڕگەی أ لە مادەی ١١ لە یاسای بەدەست هێنانی نارەوای ئوردنی ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠١٤ و مادەی ٣٠ لە یاسای قەڵاچۆکردنی گەندەڵی فەلەستینی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو) (٣).

تاوانی بەدەست هێنانی نارەواش هەرچەند لە جۆری گەورە تاوان (الجنایات) دادەندرێت، بەڵام یاسادانەر ڕیزپەڕی کردووە لە ماوەی پێویست بۆ بەسەرچوونی داوا کە (10) ساڵە ئەمەش بۆ هێنانەدی سەقامگیری و ئارامی بۆ ئەوانەی خزمەتیان یان سیفەتیان نامێنێت بۆ ئەوەی کارەکەیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە هەڵواسراوی نەمێنێتەوە( الخلفي ، بەبێ ساڵی چاپ ، ٩٢)، بەپێی ڕێسای ڕێکارە تاوانکاریەکان

ژماردنی ماوەی ماوەبەسەرچوون دەست پێدەکات لە ڕۆژی ڕوودانی تاوانەکەوە، بەبێ ئەوەی سەیری ئاشکرابوون یان زانین پێی بکرێت ئەمەش وەکو گونجاندێك لەگەڵ حیکمەتی ماوە بەسەرچوون، بەڵام یاسادانەر لە یاسای بەدەست هێنانی نارەوا بۆ دەست پێکردن بە ماوەی ژماردن دوو بەرواری داناوە یەکەمیان بەرواری پێشکەش کردنی دانپێدانانی کۆتایی هاتنی خزمەت و ئەوی تریان بەرواری نەمانی سیفەتە(المرصفاوي ، ١٩٨٢ ، ٢٤٩)

لە بیرنامەی ڕوونکردنەوەی یاسای ژمارە (62)ی ساڵی1975 میسریدا دەربارەی بەدەست هێنانی نارەوا هاتووە کە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا تەنیا تاوانێکە لە ناو تاوانەکانی دیکە کە یاسادانەر سروشتێکی تایبەتی پێ بەخشیوە کە جیای دەکاتەوە لەوانی دیکە، بۆیە ئەمە وا دەکات کە ڕێکخستنێکی تایبەتی هەبێت لەڕووی ماوە بەسەرچوونەوە، بەم کارەش یاسادانەر گونجاندنی کردووە لە نێوان بەرژەوەندی کۆمەڵگا لەوەی کە ئەو کەسەی سامانی ڕێگە پێنەدراوی دەست کەوتووە قوتاری نەبێت لە سزا و لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوانەی کە ملکەچی حوکمەکانی پرۆژەکەن کە کاروبارەکانیان سەقامگیربێت لە ماوەیەکی گونجاودا(مراد ، بەبێ ساڵی چاپ ، ٤٤)

سەبارەت بە یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو، دەقێکی تیادا نیە باس لە ماوە بەسەرچوون بکات، هەروەها یاسادانەری عێراقیش بە پێچەوانەی هەڵوێستی زۆربەی یاسای وڵاتان بیرۆکەی ماوە بەسەرچوونی وەرنەگرتووە وەکو بنەمایەکی گشتی، تەنها ئەوە نەبێت کە لە هەندێك بارودۆخی تایبەت پێی وەرگرتووە( ڕزگار ، ٢٠٠٣ ، ٩٨ ) لەوانەش ماددەی (3) لە یاسای ڕێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ ی هەموار کراو و ماددەی (7) لە یاسای چاودێری نەوجەوانان، ئاشکراشە هیچ کام لەم دوو ماددەیە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا ناگرێتەوە. لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئایا ئەم هەڵوێستەی یاسادانەر بە کارێکی باش دادەندرێت کاتێك حوکمەکانی ماوە بەسەرچوون تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا ناگرێتەوە یاخود نەخێر باشتر وابوو یاسادانەر بە هەمان شێوەی هەڵوێستی یاسادانەری میسری لە یاسای بەدەست هێنانی نارەوا دەق بکردایە لەسەر ماوە بەسەرچوون لە بەدەست هێنانی نارەوا؟

لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە یاسادانەر بەشێوەیەکی جیاواز حوکمەکانی بەدەست هێنانی نارەوای ڕێکخستووەو سروشتێکی تایبەتی پێبەخشیوە بەهۆی ئەوەی بەشێکی سەرەکی لە بە تاوان دانانی بەدەست هێنانی نارەوادا پشت دەبەستێت بە پشکنینی دانپێدانانی ئەستۆی دارایی و ئەستۆی دارایی لە کاتی پێشکەش نەکردنیدا و لێکۆڵینەوە تیایدا، بۆیە لە ڕووی کرداریەوە کارێکی قورسە بتواندرێت هەموو ئەو کەسانەی کە حوکمەکانی یاسایەکە دەیانگرێتەوە تاوەکو لە ژیاندا بن ملکەچی ئەم پشکنینە بکرێن و لێپرسینەویان لەگەڵدا بکرێت لەسەر ئەو زیادبوونەی کە لە سامانیان دێتەدی. هەروەها بە هیچ شێوەیەك سەقامگیری لە بارودۆخی هەموو ئەو کەسانە نایەتەدی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان حوکمەکانی تایبەت بە دانپێدانانی ئەستۆی دارایی و تاوانی بەدەست هێنانی نارەوایان بە سەردا پیادەکراوە، بۆیە لێرەدا پێشنیار دەکەین بەهۆی سروشتی تایبەت و جیاوازی ئەم تاوانە لە تاوانەکانی تر یاسادانەر ئەم جیاوازیە لە بەرچاو بگرێت و یاسای دەستەی دەسپاکی هەموار بکات و دەق بدات لەسەر ئەوەی کە دوای ماوەیەك کە بە پێویست دەزانرێت حوکمەکانی ماوە بەسەرچوون تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا بگرێتەوە.

## داخوازی چوارەم

## سەلماندنی تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا

سەلماندنی سزایی قۆناغێکی گرنگە لە قۆناغەکان کە داوای سزایی پێدا تێپەڕ دەبێت، زیادە ڕەوی نیە ئەگەر بڵێین ئەم داوایە بەهەموو ڕێکارە جیاوازەکانیەوە و هەموو ئەو بەڵگانەی هەڵی دەگرێت لەڕێی سەلماندنەوە خۆی بەرجەستە دەکات یان دێتەدی، ئەو ڕێگەیەیە کە ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ دەرچوونی بڕیارێکی سزایی کە هەڵوێستی یاسا بەرامبەر ڕوداوێکی تاوانکاری ئاشکرا دەکات (المزوري ، ٢٠١٣ ، ٢٥١). تاوانی بەدەست هێنانی نارەواش وەکو هەر تاوانێکی دیکە ملکەچی پرۆسەی سەلماندنە لەبەردەم دادگادا لە پێناو ئەوەی بدرێتە پاڵ ئەنجامدەرەکەی (ربايعة ، ٢١٤ ، ٣٣٤) بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە تاوانەکانی تر تایبەتمەندی سەلماندنە لەم تاوانە کە سروشتێکی تایبەتی هەیە ، پێش ئەوەی بچینە سەر ئەم تایبەتمەندیە پێویستە باسیک لە چەمکی سەلماندنی سزایی و ئامانجەکەی بە شێوەیەکی گشتی بکەین، پاشان باس لە تایبەتمەندێتی سەلماندن لەم تاوانە دەکەین تیشک دەخەینەسەر ئەوەی تاچەند ئەم تایبەتمەندیە بەدەرچوون لەبنەما گشتیەکانی سەلماندن دادەنرێت.

گومان لەوەدانیە بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەسەر کەسێک دروست بێت لەسەر ئەو تۆمەتەی کە لەڕوودانی تاوانێکەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە،پێویستە ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەی کراوە بەو شێوەی کە یاسا ڕەنگ ڕێژی کردووە بسەلمێنرێت(المزوري ، ٢٠١٣ ، ٢٥١), مەبەستیش لە سەلماندن بە شێوەیەکی گشتی هێنانەوەی بەڵگەیە لە لایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند بە ڕێو شوێنەکانی دادگایکردن لەسەر ڕاستی ڕووداوێک کە گرنگیەکی یاسایی هەیە ئەمەش بەو ڕێگایانەی کە یاسا دیاری کردووە و بە پێی ئەو ڕێسایانەی کە

ملکەچین(حسني ، ١٩٩٥ ، ٧٦٧). دەسەڵاتی دادگاش بۆ سەلماندن لەو چوارچێوەی کە لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی سزایدا هاتووە فراوانترە وەکو سەلماندن لەبەردەم دادگای شارستانیدا، هەروەکو لە مادەی (٢١٣) یاسای شێوازی دادگایکردنی سزایدا بە ڕوونی هەستی پێدەکریت.

بە گەڕانەوەمان بۆ مادەی (٢١٣) لەیاسای شێوازی دادگایکردنی سزایی ژمارە ٢٣ ی ساڵی ١٩٧١ی هەمووارکراو دەبینین کە یاسادانەر دەقی کردووە لەسەر کۆمەڵێ بەڵگە کە دەتوانین پشتیان پێ ببەستین بۆ سەلماندنی تاوان ، لە یەکێک لەو بەڵگانە کە ئاماژەی پێدراوە گرینەیە(القرينة) ، پاش ئەوەی یاسادانەر و شارەزایان لە بواری یاسادا درکیان بەوە کرد کە لە دوای فراوان بوونی کاروبارەکانی دەوڵەت و دەست بردن بۆ زۆربەی کایەکانی ژیان و ڕێکخستنیان و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە فەرمانبەران و ئەو کەسانەی کە ئەرکی گشتی ئەگرنە ئەستۆ ، ئەمە وا دەکات کە ئەم دەسەڵات و تایبەتمەندیانەی کە دراوە بە شێوەیەکی خراپ و بۆ بەرژەوەندی تایبەت و کەسانی نزیکیان بە کاری بێنن ، بە جۆرێک کە ئەم خراپ بەکارهێنانە زەحمەت بێ بەو شێوە تاوانکاریانەی کە لەیاسای سزادانەدا هاتوون بیگرێتەوە و بکەوێتە ژێر حوکمی ماددەکانی یاسای سزادانەوە . بۆیە بە ناچاری بیریان لە شێوازێکی تری بە تاوان دانان کردەوە و ناویان لێنا تاوانی بە دەست هێنانی نارەوا و بەدەقی یاسایی بەتاوانیان دانا.

ئەم تاوانە لە زۆربەی یاسای وڵاتاندا دەقی لەسەر هاتووە، جا ئیتر وەکو ئەوەی کە یاساکە بەتاوانی دانەوە هەر بەم ناوەوە بێت وەکو یاسای بەدەست هێنانی نارەوا یاخود بەتاوان دانانی لە چوارچێوەی یاساکانی تایبەت بە دەستەی دەسپاکیی بن.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقیش ئەوا ئەوەی کە هەیە ئەوەتا کە ئاڕاستەی دووەمیان هەڵبژاردووە و لە چوارچێوەی یاسای دەستەی دەسپاکیدا دەقیان لەسەر بەتاوان دانانی ئەم کارە کردووە.

ئەوەی کە وێنە یاسایەکەی ئەم تاوانە لە تاوانەکانی تر بە گشتی و ئەو تاوانانەی کە لەڕێگەی وەزیفەی گشتیەوە ئەنجام دەدرێن بەتایبەت تر جیادەکاتەوە ،زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە شێوازی سەلماندنی تاوانەکە ، هەرچەندە لە بنچینەدا سە لماندنی ئەم تاوانەش ملکەچە بۆ ئەوەی کە هەموو تاوانەکانی تر ملکەچن بۆی لەڕووی ئامراز و شێوازەکانی سەلماندنەوە، لێرەشدا هێنانەوەی بەڵگە دەکەوێتە سەرشانی ئەو لایەنەی کە داواکە دەجوڵێنێت وەکو پابەندبوونێک بۆ ئەوەی کە لە یاسا و دەستوری زۆربەی هەرە زۆری وڵاتاندا دەقی لەسەر هاتووە کە مرۆڤ بێتاوانە تاوەکو ئەوکاتەی بە ڵکە لەسەر تاوانبارکردنی دەبێت(عبدالعزیز ، ١٩٦٨ ، ١٣٧) و لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا تۆمەتەکەی لەسەرساغ دەبێتەوە.

لێرەدا ئەوەی جێگەی بایەخی ئێمەیە کە قسەی لەسەر بکەین ئەو گرینەیە(القرينة)کە یاسادانەر لە برگەی دووەمی ماددەی (١٤) یاساکە (یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١١ یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکی هەرێمی کوردستان – عێراق) دەقی داوە لەسەری ،ئەویش بەوەی تا چەند ئەم کارەی یاسادانەر یەکانگیر دەبێت لەگەڵ بنەما یاسایەکان کە لە دەستوور(٤) و یاسا ئاسایەکان و بە ڵگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا(٥) هاتوون و باس لە بنەمای گریمانەی پاکێتی مرۆڤ دەکەن (إفتراض البراءة) بۆ تۆمەتبار بێت یاخود بۆ هەرکەسێکی ئاسایی. لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە پێش ئەوەی بیرو بۆچوونی یاساناسان و هەڵویستی دادگاکان لەم بارەیەوە بخەینە ڕوو گرنگە بزانین کەمەبەست لە گرینە(القرينة) چیە ؟ و ئایا چەند جۆری هەیە؟ وە ئەوە گرینەیەی کە یاسادانەر لە تاوانی بە دەست هێنانی نارەوادا دەقی لەسەر کردووە دەچێتە ژێر چوارچێوەی کامە جۆریانەوە؟

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە پێناسەی جۆراو جۆر لەلایەن یاساناسانەوە بۆ گرینە کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هاو واتاو هاو شێوەی یەکن، بۆیە دەکرێت بڵێین مەبەست لێی جێگیر کردنی ڕووداوێکە کەمەبەستە بسەلمێنرێت لە ڕووداویکی تر کە جێگیرە (نجم ، ١٩٨٩ ،٩) ، ئەم هەڵهێنجانەش وەستاوە لەسەر گریمانەیەکی یاسایی یاخود بەندە لەسەر پەیوەست بوون یاخود پەیوەندیەکی لۆجیکانە لە نێوان دوو ڕووداودا کە لە حاڵەتی یەکەمدا دادەنرێت بە قەرینەی یاسایی و لە حاڵەتی دووەمدا دادەنریت بەقەرینەی دادوەری(سرور ، ١٩٦٩ ،٣٣٢).

١ - مەبەست لە قەرینەی یاسایی ، ئەوا دەکری بڵێین بریتیە لەوەی خودی یاسادانەر هەڵهینجەی کارێکی ناجێگیر بکا لە کارێکی جێگیر(بڕگەی یەکەم لەماددەی ٩٨ لە یاسای ژمارە ١٠٧ی ساڵی ١٩٧٩ یاسای سەلماندنی هەموارکراو) کە ئەمەش لە خودی خۆیدا دووجۆرە :

قەرینە یاساییە بنبرەکان: کە ئەم جۆرە بەڵگەیەکی ڕەهای هەیە و ناتوانرێت پێچەوانەی بسەلمێنریت یاخود ئەم جۆرە هیچ دەرفەتێک بۆ گومان ناهیلێتەوە.

قەرینە یاساییە نابنبڕەکان: ئەم جۆرەیان دەکرێت پێچەوانەکەی بسەلمێنرێت، وەکو دواکەوتنی گەواهیدەر لەبەردەم دادگادا سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی،قەرینەیە لەسەرگەواهی نەدانی بەڵام ئەمە دەکرێت پێچەوانەکەی بسەلمێنریت ئەگەرهاتوو گەواهیدەر(الشاهد) بیانوویەکی ڕەوای بۆ دادگا هێنایەوە لەسەر دواکەوتنەکەی(سعید ، ٢٠٠٥ ،٣٩٦-٣٩٧).

٢ – قەرینە دادگەریەکان بریتیە لەوەی دادوەر هەڵهێنجەی کارێکی ناجێگیر بکا لە کارێکی جێگیر لە داواکەی بەردەمی(بڕگەی

یەکەم لەماددەی ١٠٢ لە یاسای ژمارە ١٠٧ی ساڵی ١٩٧٩ یاسای سەلماندنی هەموارکراو).

لێرەدا دەتوانین بڵێین بە گەڕانەوەمان بۆ دەقی یاساکە ئەو گریمانەی کەیاسادانەر لە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوادا دەقی لەسەر داوە بریتیە لەقەرینەیەکی یاسایی سادە یاخود نابنبڕ کە دەکرێت پێچەوانەکەی بسەلمێنرێت.

لەمەبەدوا پرسیارە جەوهەریەکە سەر هەڵئەدا کە ئایا کە دەقدان لەسەر قەرینەیەکی وا بەدەرچوون لە بنەما گشتیەکانی سەلماندن دانانرێت؟ ڕوونتر بڵێین بەومانایەی لێرەدا ئەرکی سەلماندنی بێتاوانی ناکەوێتە سەر شانی تۆمەتبار؟ ئەم کارەش نابێتە دژیەک لەگەل بنەمای گریمانەی پاکێتی(إفتراض البراءة)؟.

لە وەڵامدا دەڵێین بەگەڕانەوەمان بۆ سەرچاوە زانستیەکان و وەرگرتنی بیروبۆچوونی یاساناسان و زانایانی بواری یاسا هیچ شتێکی وەها لەبەر دەست نەبوو کە ئاماژە بەنا دەستووری بوونی ئەم قەرینە یاساییە سادە بکات تاوەکو دەرچوونی بڕیارێک لە دادگای پێداچوونەوەی میسری لە ساڵی (٢٠٠٤) لە تانەی ژمارە(٣٠٣٤٢) کە لە ساڵی (٢٠٠٠) تۆمارکرابوو، کەتیایدا دادگا بڕیاری لەسەر بێتاوانی پارێزگاری پێشووتری شاری (الجیزە) دا لەسەر ئەو تۆمەتەی کە ئاڕاستەی کرابوو لەسەر تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا، بەجۆرێک دادگا لە بڕیارەکەیدا ئاماژەی دابوو بەوەی کەئەو بڕگە یاساییەی کە ناوبراوی پێ تۆمەتبار کرابوو دەقێکی نادەستوریە،چونکە پێچەوانەی بنەمای گریمانەیی پاکێتیە(إفتراض البراءة) کە لە ماددەی (٦٧)ی دەستووری میسردا ئاماژەی پێکراوە(فرج ، ٢٠٠٤ ،٥).

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پێشتر دادگای پێداچوونەوەی میسری(یسرية عبدالجليل ، ٢٠٠٤ ،٩١ ودواتر) (٦) و دادگای تاوانەکانیش(العجمي وعبدالرازق ، ٢٠١١ ،٤٠٥ ودواتر) (٧) کە لەڕووی پلە بەندیەوە لە دادگا پێداچوونەوە نزمترە لە چەندین بڕیاری پیشووتریاندا حوکمیان لەسەر ئەم تاوانە دەرکردووە بە بێ ئەوەی ئاماژە یاخود باس لە نادەستوری بوونی ئەم دەقە یاساییە بدەن لەسەر ئەوەی کە ئەم بڕگەیە ئەرکی سەلماندن دەخاتە ئەستۆی تۆمەتبار، وە هەرخودی دادگای پێداچوونەوە لە بڕیارەکانی پیشوتریدا ئاماژەی بەوەدابوو ئەم قەرینە سادەیە کە لێرەدا هاتووە دژ یاخود ناکۆک نیە لەگەڵ بنەما گریمانەیی پاکێتی (إفتراض البراءة)کەلەدەستوردا هاتووە ،بەوەی کە ئەرکی سەلماندن لە داواکاری گشتیەوە دەگوازێتەوە بۆسەر تۆمەتبار، بەڵکو پێی وابووە ئەمە قەرینەیەکی سادەیە و دەکرێ بە درۆ بخرێتەوە بە کارێکی سادە و ئاسان ئەویش سەلماندن و ڕوونکردنەوەی سەرچاوەی ئەو زیادبوونەیە کە ڕوویداوە کە لە ڕاستیدا کارێکی ئاسانە کە هەموو کەس سەرچاوەی داهاتی خۆی بزانێت.

لە دوای دەرچوونی بڕیاری نادەستووری بوونی ئەم دەقە یاسایە دەرگا لەبەردەم یاساناسان و ڕاڤەکارانی یاسادا واڵا بوو بەوەی کە بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن، بە جۆرێک لەبەرمەبنای ئەم بڕیارەی دادگاوە دوو بیروبۆچوونی دژ یەک سەریان هەڵدا:

**بیروبۆچوونی یەکەم:** لایەنگرانی ئەم کۆمەڵە یاخود ئەم گروپە پێیان وابوو ئەم دەقدانە لەسەر قەرینەیەکی وەها پێچەوانەی بنەمای ناوبراوە کەلەپێشتردا ئاماژەمان پێدا و دژە لەگەڵ دەستووری وڵات ( فرج ، ٢٠٠٤ ،٢٥ )،وە بیروبۆچوونیان وابوو کە تەنیا بەوەی کە فەرمانبەرێک نەتوانێت ڕەوایەتی سەرچاوەی زیادبوونی داهاتەکەی بسەلمێنیت تاوانبار بکرێت بەئەنجامدانی تاوان کارێکی خراپە و بەمەش دێین ئەرکی سەلماندن دەخەینە ئەستۆی خودی تۆمەتبار(فياض والبراك ، وتار، ٢٠١٥) کە لە بنەڕەتدا ئەرکی داواکاری گشتیەو دەبێت دەسەڵاتی تۆمەتبارکردن بەم کارە هەڵسێت و ئەمە بسەلمێنیت، بۆیە پێیان وابوو کاتێک دادگا هاتووە بڕیاری داوە لەسەر نادەستووری بوونی ئەم دەقە یاساییە هەڵویستیکی ڕاست و دروستی یاسایی وەرگرتووە و بڕیارەکەی لە شوێنی خۆیەتی

**بیروبۆچوونی دووەم :** بە پێچەوانەی بیرو بۆچوونی کۆمەڵەکەی تر ئەم گروپە هەروەکو چۆن لە پێشە ئاماژەماندا بەوەی کە پێش دەرچوونی بڕیاری ناوبراو هیچ شتێک لە ئارادا نەبوو لەسەر نادەستوری بوونی ئەم دەقە یاسایە ، بۆیە پاش دەرچوونی بڕیارەکەش ئەم کۆمەڵەیە کە بیرو بۆچوونی زۆربەی زانایانیشە پێیان وایە کە دەقێکی وەها کە دەگوترێت پێچەوانەی دەستوورە ڕاست نی یە ( عادل الحياري ، وتار ،٢٠١٥) و ( ابو عاصم ، وتار،٢٠١٥) لەم کارەشیان پشت بەبنەمایەکی ئصوڵی دەبەستن کەپێویستی کردووە بەڵگە لەسەر ئەوە بێت کە بانگەشەی پێچەوانەی ئەوە دەکات کە دیار و ئاشکرایە ( أن البينه على من أدعى خلاف الضاهر)( فرج ، ٢٠٠٤ ،٢٣ ). وە پێیان وایە ئەگەر بێتوو لێرەدا ئێمە هەمووکارەکە بدەینە دەست دەسەڵاتی تۆمەتبارکردن ئەوا خۆی لەخۆیدا نادادی و ستەمێکە لەکەسی تۆمەتبار دەکرێت بەوەی بوار ناهێڵینەوە لەبەردەمیدا ئەستۆ پاکی خۆی بسەلمێنیت بەوەی ڕەوایەتی سەرچاوەی داهاتەکەی بسەلمێنێت( السيد ، ١٣١-١٣٢)، لەسەرووی ئەمانەشەوە پێیان وایە لەبنەڕەتدا ئەمە دووپاتکردنەوەیە لەسەر بنەمای گریمانەیی پاکێتی بەوەی هەلی بە درۆخستنەوەی تۆمەتبارکردنەکەی پێدراوە لەلایەن خودی خۆیەوە ئەویش بەخستنەڕووی ڕاستیەکان لەبەرامبەر ئەولایەنەی کە

بانگەشـــەی لەســـەرکردووە و هەوڵی داوە بەڵـــگە لەســـەری پێشکەش بکات(فرج ، ٢٠٠٤ ، ٢٤).

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین کە ئەم قەرینەیەی کە لە یاساکانی تـایبەت بەتـاوانی بەدەسـت هێنـانی نـاڕەوا و یاسـاکانی تـایبەت بەدەستەی دەسپاکیی لە هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق و وڵاتـانی تـریش هـاتووە و دەقیـان داوە لەسـەر قەرینـەیەک کە ئەویــش زیــادبوونی داهــات وســامانی ئەوکەســانەیە کە چوارچێــوەی یاســاکە لە ڕووی کەســەوە دەیــان گــریتەوە، پێچەوانە یاخود ناکۆک ناوەستێتەوە لەگەڵ بنەمای (الأصـل الـبراءة) کە لەدەســـتوور و یاســـای ئاســـایی و بەڵگەنـــامە نێودەوڵەتیەکانـدا هـاتووە بەبەڵـگەی ئەوەی کە پـێش هەمـوو شـت یاسـادانەر کاتێـک هـاتووە وێنا یاسایەکەی ئەم تـاوانەی کێشاوە بەتەنیا تەشکیل بوونی تاوانەکەی لەسەرئەم گریمانەیە نەوەستاندووە بەڵکو لەسەر کۆمەڵێک پایە وەستاوە کە لێرەدا شوێنی نیە باس بکرێت،وە هەروەهاش لە ڕووی چوارچێوەی جێبەجێکــردنی یاســاکەوە لە ڕووی کەســـەکانەوە وەکـــو لە یاسـاکانی تـایبەت بەم تـاوانە هـاتووە بەسـەر هەمـوو کەسێکدا جێبەجێ نابێت بە ڵکو کومەڵێکی دیاری کراو لە فەرمانبەران و ئەوکەسـانە دەگـریتەوە کە ئەرکی گشـتی دەگـرنە ئەسـتۆ، بـۆیە لێرەدا بەرژەوەندی گشتی کە خۆی لە پارێزگاری کردن لە موڵک وماڵی گشـتی و بەڕێوەبردنی وەزیـفە و دەسـەڵاتی گشـتی و ئەرکی گشـتی بە شـێوەیەکی پـاک و دوور لەبەرژەوەنـدی تـاکەکەس دەگـرێتەوە ئەمەش بیـانووی ئەوە ئەداتە دەسـت یاسـادانەر جۆرێـک لە تایبەتمەنـدێتی لەسـەلماندنی ئەم جـۆرە تـاوانە لەبەرچـاو بگیرێـت وە پاشـانیش ئەمە تەنیـا قەرینـەیەکی سـادە یــاخود نــابنبرە کە دەکرێــت پــێچەوانەکەی زۆر بە ئاســانی بســەلمێنرێت ئەویــش بە خســتنەڕووی ڕەوایەتی ســەرچاوەی زیــادبوونی ســـامانەکەی، ئینجـــا ئەوەشـــمان لەبیرنەچێـــت یاسـادانەر بەتەنیـا لەم تـاوانە نەهـاتووە دەق لەسـەر قەرینـەی یاسایی بدات ،بەڵکو لە زۆر شوێنی تریش بە هەمان شێوە ئەم کارەی کردووە، وە پێمان وایە قەرینەی بێتاوانی قەرینەیەک نیە نەتوانرێـت پـێچەوانەکەی بسـەلمێنرێت ، بەڵکـو قەرینـەیەکی سـادەیە و هەرکاتێـک بەڵـگە لە دژی ئەمە هەبـوو ئەوا زۆر بە ئاسانی ئەم قەرینە پێچەوانەکەی دەسەلمێنرێت.

لە گشـتی گـرنگتر ئەوەیە بە بـیرو بۆچـوونی ئـێمە ئەم کـارەی یاسادانەر دەق داوە ئاسانکاریە لە پرۆسەی سەلماندن دا نەک پێچەوانەی بنەمای باو بێت کە بەرائەتی مرۆڤە، لەبەر ئەوەی لێرەشـدا لەســەرەتاوە هەر لەســەر دەســەڵاتی گشــتیە کــنەو پشکنین لەبارەی ئەم تـاوانەوە بکات و پاشـتر زیـادبوونەکە لە سـامانی کەسی نـاوبراو بخـاتە ڕوو و ئینجـا ئەم زیـادبوونەش نەگونجی لەگەڵ داهاتی کەسەکە واتە لێردا تەنیا ئەوە لەسەر تۆمەتبـارە کە ڕەوایەتی سـەرچاوەی زیـادبوونەکە بسەلمـێنێت نەوەکـو کـۆی پرۆسـەکە , وە ئەگەر بێتـوو ئەمەش نەدەیـنە دەسـتی خـودی تۆمەتبـار ئەوا نـادادی و سـتەمە لـێی دەکرێـت چـــونکە لەبـــنەڕەتدا ئەم کەســـە دانی نـــاوە بەوەی کە بـــڕی سامانەکەی ئەوەندەیە و هەر زیادبوونێکیش لەم بڕە ئەوا تەنیا خودی خۆی دەتوانێت ڕەوایەتی سەرچاوەکەی بسەلمێنێت ، کە بەلای ئێمەوە ئەمەش کارێکی قورس و گران نیە ئەگەر بیتوو ئەم زیـادبوونە حەقـیقەت و بنەمـایەکی مەعقـولی تێـدا بیـت بەنمونەی ئەوەی کەسەکە ڕوونی بکاتەوە کە ئەم زیادبوونە لە سامانەکەی بەهۆی ئەوە بووکە پێشتر پارچە زەوەیەک یا خود خـانوویەکی کڕیـوە بەڵام لە ئێسـتادا نـرخەکەی بە شـێوەیەکی بەرچـــاو زیـــادی کـــردووە وە دەســـەڵاتی تایبەتمەنـــد بە سـەلماندنیش بـاوەڕی تەواو بە ڕاسـتی ئەم قسـەیە بـکەن و بە تەواوی بۆیان دەرکەوێت ئەم زیادبوونە بە هۆی ئەمەوە بووە کە کەسەکە بانگەشەی بۆکردووە نەک بە هۆی بەکارهێنان و ئیستغلال کردنی وەزیفەی گشتیەوە بێت.

## کۆتایی

دوای تەواو کـردنی توێژینەوەکەمـان ، ئامـاژە بە گـرنگترین ئەو پیشنیار و دەرئەنجامانە دەدەین کە پێی گەیشتووین :

### یەکەم : دەرئەنجامەکان:

١ – ئەو ڕێ و شـوێن وکارڕایـانەی تـایبەتە بە ڕێسـا ڕێکاریەکـان لەم تـاوانە تـاڕادەیەک جیـاوازە لە تاوانەکـانی دیـکە ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندی خودی تاوانەکەیە.

٢ – کاتێـــک یاســـادانەر دەق کـــردووە لەســـەر ئەوەی کە فەرمانگەکـانی سـەر بە دەسـتە دەکرێـت سـکاڵاکانی گەنـدڵی وەربگـرن و لێکـۆڵینەوەی تیـادا بـکەن، ئەم کـارە بەدەرچـوون دادەنریت لەوەی کە یاسای ڕێ و شوێنی دادگای کردنی سزایی دەق لەسـەر داوە سـەبارەت بەو لایەنـانەی کە داوای سزایـان پیشکەش دەکریت.

٣ – یاسـادانەر کارێکی بـاشی کـردووە کاتێـک لەبەتـاوان دانـانی بەدەست هێنانی ناڕەوا پشتی بەستووە بە دانپیدانانی ئەستۆی دارایی بە هۆی ئەوەی کە ئەم تاوانە زۆرجار بەرهەمی تاوانەکانی ترە لە نمونەی بەرتیل و گزی کردن بەڵام ئاشکرا نابێت یاخود ئاشکرا دەبێت بەلام ناتوانرێت بسەلمێنریت، وبەتاوان دانانی بەدەســت هینــانی نــاڕەواش بەتەواوکــردنی ئەو بــازنەیەی کە یاسادانەر دەیەوێت لە ڕێگەیەوە پارێزگاری لەوەزیـفەی گشـتی وکار گشتی بکات و نەهێڵێت بازرگانی پێوە بکرێت.

٤- یاساکەی هەرێم و ئەوەی عێراقیش بە بیرۆکەی ماوە بەسەر چوونیان وەرنەگرتووە وەکو بنەمایەکی گشتی بە پێچەوانەی هەڵوێستی زۆربەی یاساکانی وڵاتانی دیکە، سە بارەت بە یاسای ئەو وڵاتـانەی بە مـاوە بەسـەرچوونیان وەرگرتـووە لە تـاوانی بەدەسـت هێنـانی نـاڕەوادا ، ئەوا کاتی ژمـاردنی دەسـت پێکـردنی

ماوە بەسەرچوونەکە جیاوازە لەوەی لە ڕێسا گشتیەکانی ماوە بەسەرچووندا هەیە . پێمان وایە کە دەبوو یاسادانەری هەرێمی کوردستان بەبیرۆکەی بەسەرچوونی تاوانی بەدەست هینانی نارەوای وەرگرتبایە کە بیانووی ئەوەمان بە تێرو تەسەلی خستۆتە روو لە ناو توێژینەوەکەدا.

٥- تاوانی بەدەست هێنانی نارەواش وەکو هەر تاوانیکی دیکە ملکەچە بۆ ئەوەی کە تاوانەکانی تر ملکەچین لە رووی ڕێگاکانی سەلماندن و بەڵگەوە ، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی کە بەیاسا چارەسەری ئەم تاوانەیان کردووە دەقیان کردووە لەسەر قەرینەیەک کە پێیان وایە هەر زیاد بونێک لە سامان دوای هەبوونی ڕاژە یا سیفەت بە قۆزتنەوە دادەنرێت ئەگەر هاتوو لەگەڵ داهاتدا گونجاو نەبوو و نەتوانرا سەرچاوەی ڕەوای بۆ بدۆزریتەوە، بەڵام ئەم قەرینە قەرینەیەکی یاسایی سادە یا نابنبڕە کە دەکرێت پێچەوانەکەی بسەلمێنرێت.

## پێشنیارەکان :

١ – پیشنیار دەکەین کە یاسادانەر هەر ڕێگایەکی ڕەوا کە پێویستی دەزانێت بۆ ئاشکراکردنی ئەم تاوانە بیگرێتەبەر لە ناویشیاندا دەستە ڕێنمایی پێویست دەربکات کە تایبەت بێت بە پاداشتی ئەوکەسانەی کە زانیاری لەسەر ئەم تاوانە و ئەنجامدەرانی دەدەن بە دەسەڵاتی تایبەتمەند لە چوارچێوەی مادەی (٢٤)ی یاساکە دەق لەسەرداوە بەمەرجێک لەسەر بنەمای ڕاستی بێت.

٢ – بۆ ئەوەی بە پێی یاسای دەستەی دەسپاکیی فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان بتوانێت هەواڵ و زانیاری و سکاڵای تایبەت بە تاوانی بەدەست هێنانی نارەوا وەربگرێت و لێکۆڵینەوەی تیادا بکات دوو پیشنیار دەخەینەروو:

یەکەم : هەمواری بڕگەی ٧ لە ماددەی یەکەمی یاسای دەستەی دەسپاکیی بکرێت کاتێک تاوانی گەندەڵی دیاری کردووە بە شێوەیەک دەق بدات لەسەر ئەوەی تاوانی بەدەست هێنانی نارەواش دەگرێتەوە کە دەقەکانی ئەم یاسایە ئەحکامەکانی ڕێکخستووە.

دووەم : هەمواری بڕگەی یەکەم لە ماددەی ١٢ لە یاسای دەستەی دەسپاکیی هەموارکراو بکات کاتیک ئەرکەکانی فەرمانگەکەی دیاری کردووە بە شیوەیەک خاڵێکی دیکە بۆ بڕگەکە زیاد بکات بەم شێوەی لای خوارەوە ( ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی بەدەست هێنانی نارەوا و کۆکرنەوەی زانیاری و وەرگرتنی هەواڵدان و سکاڵا لەسەری و لێکۆڵینەوە تیایدا.

٣ – بە هۆی سروشتی تایبەت و جیاوازی ئەم تاوانە لە تاوانەکانی دیکە ، پێشنیار دەکەین یاسادانەر ئەم جیاوازیە لەبەرچاو بگریت و یاسای دەستەی دەسپاکیی هەموار بکات و دەق بدات لەسەر ئەوەی کە دوای ماوەیەک کە بە پێویست دەزانریت حوکمەکانی ماوە بەسەر چوون تاوانی بەدەست هینانی نارەواش بگرێتەوە.

## پەراوێزەکان:

١ - ماددەی (6) لە یاسای ژمارە (62)ی ساڵی1975ی میسری دەربارەی بەدەست هێنانی نارەوا دەقی داوە لەسەر (تنشأ بوزراة العدل تسمى ادارة الكسب غير المشروع تشكل من مدير يختار من بين مستشاري محاكم الأستئناف ومن عدد كاف من الرؤساء بالمحاكم الأبتدائية يندبون طبقا لأحكام قانون السلطة القضائية. و تختص هذه الأدارة بطلب البيانات والأيضاحات المتعلقة بالشكاوي و معاونة الهيئات المنصوص عليها في المادة (5) في القيام بمهامها) و ماددەی (5) لە یاسای بەدەست هێنانی نارەوای ئوردنی ژمارە (21)ی ساڵی 2014 دەقی داوە لەسەر "أ- تنشأ في وزارة العدل دائرة تسمى دائرة إشهار الذمة المالية ترتبط بوزير العدل ... ب- تختص الدائرة بتلقي الاقرارات الخاصة بالأشخاص المشمولين بأحكام هذا القانون وأى بيانات و ايضاحات متعلقة بها وأحالتها الى الهيئة. ج- ... د- ..." و ماددەی (10) لەیاسای ناوبراو دەقی داوە لەسەر "تشكل الهيئة القضائية ... تتولى المهام التالية أ- فحص الأقرار المقدم الى الدائرة وتدقيقه ودراسته عند تقديم أي شكوى أو اخبار يحال اليها من الجهة المختصة بحق أي شخص تنطبق علية أحكام هذا القانون وتتعلق بكسب غير المشروع وتحقق له. ب- طلب أي أيضاحات أو بيانات أو معلومات من مقدم الأقرارأو من جهة أخرى ذات علاقة بهذا الشأن".

٢ - ماددەی (16) لة یاسای ژمارە (62)ی ساڵی1975 میسری دەربارەی بەدەست هێنانی نارەوا دەقی داوە لە سەر (تنقضى الدعوى الجنائية في جريمة الكسب غير المشروع بمضى ثلاث سنوات تبدأ من تاريخ تقديم اقرار انتهاء الخدمة أو زوال الصفة مالم يبدأ التحقيق فيها قبل ذلك)

٣ – بڕگەی (أ) ماددەی (11) لە یاسای بەدەست هێنانی نارەوای ئوردنی ژمارە (21)ی ساڵی2014 دەقی داوە لەسەر (لا تسري أحكام التقادم على الدعوى الكسب غير المشروع ولا تسقط الدعوى إلا بالوفاة ...) و ماددەی (30) لە یاسای قەڵاژۆکردنی گەندەڵی فەلەستینی ژمارە (1)ی ساڵی2005ی هەموارکراو دەقی داوە لەسەر (لا تخضع للتقادم قضايا الفساد وكل ما يتعلق بها من إجراءات).

٤- لەوانە بڕگەی أ لە ماددەی (٢٠) لەدەستوری کاتی عێراقی ساڵی ١٩٧٠ و ماددەی ٦٧ لەدەستوری میسری ساڵی ١٩٧١ و بڕگەی ٥ لە ماددەی (١٩) لەدەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی دەوڵەتی عێراق.

٥ – لەوانە ماددەی ١١ لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆف وماددەی ١٤ لە پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە شارستانی و ڕامیاریەکان و ماددەی ٦ لە ڕێکەوتنامەی ئەوروپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی ساڵی ١٩٧٠.

٦- لەوانە (الطعن رقم 1356 لسنة35ق جلسة 1965/12/27س16 ص657) و (الطعن رقم 768 لسنة42ق جلسة 1972/10/8 س23 ص987) و (الطعن رقم 11889 لسنة 68 ق جلسة 1999/4/7) و (الطعن رقم 4257 لسنة 61 ق جلسة 1999/12/20).

٧- لەوانە حكم محمكة جنايات الأسكندرية في قضية النيابة العامة رقم 1573 سنة 1989 (رقم 27 سنة 1989 كلي شرق المنتزة)، وحكم محكمة جنايات أسيوط في قضية النيابة العامة رقم 999 سنة 1989 (ورقم 262 سنة 1989 كلي)، و حكم محمكة جنايات القاهرة في قضية النيابة العامة رقم 4062 لسنة 1996 (ورقم 69 لسنة 1996 كلي).

## سەرچاوەکان:

١ – إسماعيل الخلفى ، شرح قانون الكسب غير المشروع ، بدون عدد الطبع ومكان النشرو سنة النشر، مكتبة كوميت.

٢ – د حسن صادق المرصفاوي ، المرصفاوي في الكسب غير المشروع ، بدون عدد الطبعة ، منشأة المعارف ، الأسكندرية ، ١٩٨٢.
٣ – د رزگار محمد قادر ، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية الدعوى الجزائية – تحريك الدعوى الجزائية ، تحري وجمع الأدلة – التحقيق الإبتدائي – الطبعة الأولى ، مؤسسة o.p.lc للطباعة والنشر ، أربيل ، 2003.
٤- سعيد حسب اللة عبداللة ، شرح قانون أصول المحاكمات الجزائية ، بدون عدد الطبعة، ابو الأثير للطباعة والنشر ، 2005.
٥ – شعبان العجمي وثريا عبدالرازق، جريمة الكسب غير المشروع- دراسة تحليلية وعملية للقانون رقم 62 لسنة 1975و ذلك في ضوء اراء الفقه و احكام القضاء، طبعة الاولى ، دار الحقانية ، القاهرة ، 2011.
٦ – عبدالامير العكيلي و د سليم إبراهيم حربة، اصول المحاكمات الجزائية الجزء الاول في الدعوى الجزائية – الدعوى المدنية – الإدعاء العام – التحري وجمع الأدلة والتحقيق والاحالة على المحاكمة – بدون عدد الطبعة ودار النشر وسنة الطبع.
٧ - د. عبدالحميد الشواربي، التعليق الموضوعي على قانون العقوبات الكتاب الأول الأحكام العامة لقانون العقوبات في ضوء الفقه والقضاء، بدون عدد الطبعة، منشأةالمعارف، الأسكندرية، 2003.
٨ - د. عبدالفتاح مراد، قانون الكسب غير المشروع ولائحته التنفيذية والقوانين والقرارات المكمله له ومشكلاته العملية طبقا لأحدث التعديلات، بدون النشر و مكان النشر و سنة الطبع.
٩- د . محمد عبداللطيف فرج، قرينة البراءة و قانون الكسب غير المشروع، دار النهضة العربية ، القاهرة، 2004.
١٠ - د. محمد علي احمد قطب، الموسوعة القانونية والأمنية في حماية المال العام, الطبعة الأولى, إيتراك للنشر والتوزيع، القاهرة, 2006.
١١- محمد كمال عبدالعزيز، قانون الكسب غير المشروع، اصوله النظرية وتطبيقاته العملية ، القاهرة، الطبعة الأولى، 1968.
١٢ - د. محمود نجيب حسني ،شرح قانون الإجراءات الجنائية ، الطبعة الثالثة، دار النهضة العربية، القاهرة، 1995.
١٣- د. نبيل محمود حسن السيد، شرح جريمة الكسب غير المشروع والجرائم الملحقة, بدون عدد الطبعة, بدون الدار النشر, القاهرة, 2008.
١٤- يسرية عبدالجليل، أحكام الكسب غير المشروع والتربح في ضوء الفقه والقضاء، بدون عدد الطبعة، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2004.
١٥ - عبداللطيف حسين محمود ربايعة، جريمة الكسب غير المشروع في النظام الجزائي الفلسطيني، أطروحة مقدمة الى كلية العدالة الجنائية بجامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، الرياض، 2014.
١٦ – جارنامەی جیهانی مافەکانی مروڤ.
١٧- پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە شارستانی و ڕامیاریەکان.
١٨- ڕێکەوتنامەی ئەوروپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکانی ساڵی ١٩٧٠.
١٩- دەستوری کاتی عێراق ساڵی ١٩٧٠.
٢٠ - دەستوری میسری ساڵی ١٩٧١.
٢١- دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ی دەوڵەتی عێراق.
٢٢- یاسای ژمارە ٦٢ی ساڵی ١٩٧٥ی میسری دەربارەی بەدەست هینانی نارەوا.
٢٣- یاسای شێوازی دادگایی کردنی سزایی عێراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ ی هەموارکراو.
٢٤- یاسای ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموارکراو(یاسای سەلماندن).
٢٥- یاسای قەڵاچۆکردنی گەندەڵی فەلەستینی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو.
٢٦- یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکی هەریمی کوردستان – عێراق)
٢٧ – یاسای بەدەست هێنانی نارەوای ئوردنی ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠١٤.
٢٨ – یاسای ژمارە ٧ ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان – عێراق.
٢٩ - القاضي إبراهيم سهيل نجم ، القرائن القضائية ودورها في الأثبات الجنائي، بغداد ، 1989.
٣٠- ابو عاصم، منتدى دار العلوم القانونية والأسلامية والأنسانية- منتدى العلوم القانونية- قسم القانون الجنائي وأجراءاته- قانون الكسب غير المشروع بين الشرعية والمشروعية، متاح على الموقع الالكتروني: www.adelamer.com/vb/archive/index.php/t-10479.html.
٣١- د. أحمد البراك، قانون الكسب غير المشروع ومدى دستوريته، مقال منشور على الموقع الالكتروني: adv-qandeel.alafdal.net/t25-topic.
٣٢- د. عادل الحياري، قانون الكسب غيرالمشروع وتحميل المشتبه به إثبات البراءة، مقال منشور على الموقع الالكتروني: www.ammonnews.net/article.aspx?articleno=156697.
٣٣- د. فياض القضاة، قانون الكسب غيرالمشروع أو قانون من أين لك هذا؟هل من الممكن أصداره؟من شأنه أن يدعم جهود مكافحة الفساد، مقال منشور على الموقع الالكتروني: www.alrai.com/article/7869.html.